# یەك هەڵوێستی كۆنەپەرستانە بۆ دوو ڕووداوی جیاواز

تایبەتمەندیەكی هاوبەشی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی كوردو دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی دژایەتی و ئینكار كردنی ڕادیكاڵیەت و مەدەنیەتی كۆمەڵگای عێراق و كوردوستانە . بەردەوام ئەم دوو دوومەڵەی سەر ژیان و گوزەرانی خەڵكی كوردوستان و عێراق خەریكی پێناسەی ئەم كۆمەڵگایەن وەك كۆمەڵگایەكی دوواكەوتوو بێ ئاگا لە پێشكەوتنەكانی دنیای هاوچەرخ و نامۆ بە تێكەڵاو بوون وگونجان لەگەڵ دەسكەوتە ئینسانی و زانیاریەكانی ئەم سەردەمە . ئەم دوو بزووتنەوەیە هەر جیاوازیەكیان هەبێت لە شكڵ و ناوەڕۆكدا لە ئاست پێشرەویەكانی بەرەی ئازادیخواز و یەكسانیخوازی كۆمەڵگا یەك هەڵوێستیان هەیەو بەردەوام وەلامیان سەركوت و لە خوێن هەڵكێشانە , چ لە حوكمەتدا بێت, یاخود بە سوود وەرگرتن بێت لە هەلومەرجی ئاڵۆزی سیاسی و سەر گەردانی و نادیار بوونی چارەنووسی كۆمەڵگای عێراق و كوردوستان . ئەم دوو بارە قورسەی سەر شانی ژیان و گوزەرانی جەماوەری مەحروم و ئومێدەوار بە ژیانێكی ئینسانی خۆشگوزەران , بەردەوام بۆ ئەوەی پاشە كشە یاخود شەڕی هێزێك بكەن كە نوێنەرایەتی ئەم بەرە یەكسانیخوازو ئازادیخوازە ئەكات خەریكی پەلاماری تیرۆریستی و تەبلیغاتێكی ژەهراوی بێ ناوەڕۆك و ساویلكانەن . لە 2000/7/14 هێزەكانی ئاسایشی سلێمانی سەر بە یەكێتی نیشتمانی كوردوستان كە هێرشیان كردە سەر بارەگا, ڕادیۆ , ڕێكخراوە جەماوەریەكان , گرتن و تیرۆركردنی 5 لەهاوڕێ یانی حیزب . دواتر ووتیان ئەمانە هیچ نین چەند كەسێكی نامۆن بە كۆمەڵگا . ئەمانە هیچ ڕیشەیەكی كۆمەلایەتیان نیە , بەلام هەر كەس ڕۆژانی 11و 12و 13 و14مانگ گردەكەی عەلی ناجی و شەستیەكەی سلێمانی و زەرگەتەی دیبێ هەستی دەكرد شەڕی دوو حیزبە لە سەر دەسەلات نەك ئامۆژگاری كردنی چەند كەسێكی نامۆ. ئێستاش لەكاتێكدا شاری بەصرە بۆتە مەیدانێكی گەرمی ڕووبەڕوو بونەوە و تەمیّ كردنی دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی لە لایەن قوتابیانی زانكۆ و لەشكری دڵ پڕ لە هیواو خوازیار بە دنیایەكی باشتر و ئینسانی . چەقۆ كێشەكانی صەدر لە ڕاگەیاندنەكانیاندا دەڵێن كە ڕوو داوەكە زۆر گەورە نەبووە . بەلام چەند گێرە شێوێنێكی سەر بە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كە هیچ ڕیشەیەكیان نیە بە ڕاگەیاندن كارەكەیان گەورە كردووە . سەیركەن ئەمانیش هەر هەمان قەوانی ناسیۆنالیزمی كورد لێدەدەنەوە , كێ هەیە بڕوا بكات هێزێكی بێ تەرەف و بیّ نفوس لەم هاوكێشە سیاسیەدا هەر لە خۆوەوە بووبێتە مایەی نیگەرانی و سەر دێڕی ڕاگەیاندن و تەبلیغاتە ژەهراویەكانی ئەم تاقمەی پڕكردبێتەوە . تۆ بڵێی چەند كەسێكی شاز بە قەولی صەدریەكان توانیبێتیان بوركانی نارەزایەتی و خرۆشانی قوتابیانی زانكۆی بەصرە پڕ بكەن . یاخود ئەمە كاری بزووتنەوەیەكە كە ڕیشەی لە نێو هەناوی كۆمەڵگادایەو سەرەتای كارێكی دەست پێكردووە كۆتایەكەی دەبێت بە هەڵپێچانی دەسەلات و پاك كردنەوەی كۆمەڵگا بێت لەو دوو دیاردەیەی كە گۆمەڵگایان پیس كردووە .

هیدایەت مەلا عەلی

Hidayat_malaali@yahoo.com